نۆچیرڤان بارزانی:هەواڵی گیانلەدەستدانی سەرۆك ئیبراهیم ڕەئیسی و یاوەرانی لە ناخەوە دەتەنگ و خەمباری کردین



نۆچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم سەرەخۆشی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات و دەڵێت: هەواڵی بەئازاری گیانلەدەستدانی خوالێخۆشبوو سەرۆك ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران و خوالێخۆشبوو حسێن ئەمیر عەبدوڵاهیان وەزیری دەرەوە و ژمارەیەك لە یاوەرانیان لە ڕووداوی تێکشکانی هێلیکۆپتەرەکەیاندا، لە ناخەوە دەتەنگ و خەمباری کردین.

سەرۆکی هەرێم لە پەیامێکی سەرەخۆشیدا ڕایگەیاند:-لەم کاتە سەخت و دژوارەدا لە دەوە هاوخەمی و هاوسۆزیی قووماان لەگەڵ ئابەری کۆماری ئیسلامی جەنابی سەید عەلی خامەنەیی و سەرکردایەتی و حکوومەت و گەلی ئێرانی دەست و دراوسێ و خانەوادە بەڕێزەکانیاندا دەردەبڕین. لە خوای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبووان بە بەزەیی و میهرەبانیی خۆی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بە هەمووان ببەخشێت.

ئاماژەی بۆکرد,,گیانلەدەستدانی خوالێخۆشبوو سەرۆك ڕەئیسی خەمێکی بە ئازار و زیانێکی گەورەیە بۆ کۆماری ئیسلامی و گەلی موسڵمانی ئێران و دەستانی، بەڵام دڵنیاین گەلی جوامێری

ئ□ران و ک□ماری ئیسلامی ئه□م ک□ستە□ش تە□دە□پە□□□نن. خوای مە□زن یارمە□تیدە□ر و پار□زە□ری هە□مووان بە□ت و یادی خوالە□خە□شبووان بە□ خە□ر.